# کوندە لە کوێ دڕاوە؟
## (هەمدیس خەڵات یان دەستگیرۆیی)

سیروان حەسەن

من خوێنەرێکی ئاساییم. هیچم بەنووسین بڵاو نەکردۆتەوە و ئەگەریش هەندێکجار و بەس بۆ دڵی خۆم دوو دێرم لە سەر لاپەڕەیەک نووسیبێت، هەر بۆخۆم بووە و تەنانەت پێشانی برادرە هەرە نزیکەکانیشم نەداوە.
ماوەی دوو ساڵێکیش دەبێت کە لە ئێش دەگەڕێمە ماڵەوە سەیرێکی سایتە کوردییەکان دەکەم و شەڕە دندووکی نووسەرانی کورد دەبینم و بە دەگمەن ڕوویداوە تووڕە نەبم.
ماوەیەک بەر لە ئێستا و لە چەند سایتێکی کوردیدا، ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن سێ نووسەری کورد (خەبات عارف، بەڕۆژ ئاکرەیی و فەرهاد شاکەلی)یەوە بڵاو کرایەوە کە باسی کێشەیەکیان کردبوو بەناوی Stipendium (کە گوایە چەند نووسەرێک بە خەلات ناویان بردووە خۆیان پێ هەڵکێشاوە) لە ڕوونکردنەوەکەی ئەو نووسەرانەدا ئاماژە بە هیچ کەس و هیچ ناوێک نەکراوە. بەڵام هەر خێرا چەند وەڵامێک لەلایەن چەند کەسێک درایەوە و لە جیاتی لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بەسەر ئەم کێشەیەدا و دان بە ڕاستی دانان، دەستیان کرد بە سووکایەتیکردن بە نووسەرانی ڕوونکردنەوەکە و سەرلەنوێ سینگ دەرپەڕاندن.
من کارم بەوە نییە ئەو نووسەرانە (بەڕۆژ ئاکرەیی، خەبات عارف و فەرهاد شاکەلی) چەندە نووسەرن و چەندە کتێبیان نووسیوە و چی دەکەن و چۆنن؟ کارم تەنیا بە کاکڵ و مەبەستی نووسینەکەیانە کە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان مانای دەستگیرۆیی و خەڵات.
کارم بەو نووسەرانەش نییە کە وەڵامیان داوەتەوە.
تەنیا دەمەوێ بە نیشان دانی وەڵامەکانیان بڵێم: ئەرێ بۆچی نووسەری کورد فێر نابێت ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئاراستەی کراوە؟ خێرا پەنا دەباتە بەر بەردەفڕکانێ و سووکایەتیکردن بە کەسە بەرامبەرەکەی.
سەرەتا پێکەوە لە مانای وشەکان ورد دەبینەوە و دواتر سرنجی چەند وەڵامێک دەدەین:

Stipendium: understöd för studerande, konstnärer, 0. andra (Bonniers Svenska ordbok. 1989)

Stipendium: scholarship. Grand. Award (Engelsk Svenska 1989)
Stipendium: منحه ماليه. (قاموس عربى سويدى. عمر عاشور 1993)

Stipendium: کمک هزینه تحصیلی. کمک مالی. (فرهنگ بزرگ سوئدی/ فارسی. م. سراجیان1369)

کەواتە تا ئێرە بە سوێدی و ئنگلیزی و عارەبی و فارسی بۆمان دەرکەوت کە ستیپێندیۆم خەڵات نییە.
با بزانین دەستگیرۆیی چییە؟
دەستگیرۆیی: یاریدەی ماڵی (هەنبانە بۆرینە) و: یارمەتدانی کەسێک بە شت پێدانی (فەرهەنگی خاڵ)

هەردی کاکەیی یەکەمین کەس بوو وەڵامی ئەو ڕوونکردنەوەیەی دایەوە کە بەداخەوە، لە جیاتی لێکدانەوە و مانای Stipendium لە زمانی سوێدی و جیاوازییەکەی لەگەڵ وشەی خەڵات لە زمانی کوردی دا، دەستی کردوە بە سووکایەتی کردن بە سێ نووسەری ناوبراو و دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کردوە.
بە پێویستی نازانم بە دووپاتکردنەوەی قسەکانی، خۆم بخەمە ڕیزی ئەو برادەرە موحتەرەمەوە.

مەهاباد قەرەداغی لە وەلامەکەیدا (هەمدیس بەداخەوە) نەپرژاوەتە سەر کاکڵی مەبەست و هەر لە پەرەگرافێکدا حەوت جار دەفەرموێ: ستیپێندیۆم، تا لە ئاخریدا بە کوردی پێمان بڵێت: ستیپێندیۆم مانای پاداشت یان بەخشش دەگرێتەوە. مەهاباد خان بیری چۆتەوە کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی وەرگرتنی ئەو ستیپێندیۆمەدا و لە سایتە کوردییەکاندا نەینووسیبوو پاداشت یان بەخششی وەرگرتووە و بە خەڵات ناوی بردبوو.
هەر لە درێژەی نووسراوەکەی مەهابادخان دا دەخوێنینەوە: سەیرە نووسەرێ لەلایەن پەخشخانەی گەرەکێکی شاری ستۆکهۆلمەوە 3500 کرۆنی سوێدی بە خەڵات وەردەگرێت و بۆخۆی بە شانازییەوە باسی دەکات، بەلام ستیپێندیۆمێک کە سەرچاوەکەی یەکیەتی نووسەرانی سوێدە و نرخەکەی زیاتر لە سەد ئەوەندە بێت بە دەستگیرۆیی بیژمێرێت.
مەهاباد خان هەر لەم پەرگرافەدا دەازنێت جیاوازی نێوان خەڵات و ستیپێندیۆم چییە و لێی تێک ناچێت، بەلام زەینی خوێنەر بەرەو مەبلەغەکەی دەبا. لە لایەکی ترەوە زەحمەتی ئەوە بەخۆی نادا کە وشەی ستیپێندیۆم بۆ کوردەکانی دەرەوەی سوێد مانا بکاتەوە. دیارە دەبێ بزانین کە هیچ کەس باسی نرخ و مەبلەغی نەکردووە کە چ کەسێک زیاتر یان

کەمتری وەرگرتووە. کێشەکە لەسەر ناولێنانی ئەو دەسکەوتەیە. لەلایەکی ترەوە خەراپ نییە بزانین کە زیاتر لە سەد ئەوەندە (بەلای کەمەو) دەکاتە سێ سەد و پەنجا هەزار کرۆن. کە هیوادارم ڕاست بێت و بۆ وەرگرتنی ئەو ستیپێندیۆمە (نەک خەڵاتە!) پیرۆزبایی لەو نووسەرە دەکەم و هیوادارم هەرکەسیش پێی ناخۆش بێت ماڵەکەی بەسەردا بڕمێت!
قسەکانی تری مەهابادخان هیچ ڕووناکییەک ناخەنە سەر کێشەی سەرەکی و زۆرتر پروپاگەندەن بۆ خستنە بەرچاوی بەرگی کتێبەکانی و... نرخی ئەوەیان نییە لێرەدا دووپات بکرێنەوە.

فەهمی کاکەییش وەلامێکی لەژێر سەردێری Stipendium بەخشینە نەک دەستگیرۆیی داوەتەوە: بەرلەوەی چاوێک بە نووسینەکەی کاک فەهمی دا بگێڕین بابزانین بەخشین چییە؟: شت دان بە یەکێک بە خۆڕایی(فەرهەنگی خاڵ) و: دانی بێ قەرەبوو(هەنبانەبۆرینە)
کەواتە هیچ کامیان مانای خەڵات نادەن.
کاک فەهمیش بەداخەوە لەجیاتی هاتنە سەر کاکڵی مەبەست شێرووڕێوی دێنێتەوە و باسی خۆی و کتێبە هەرە نایاباکەی دەکا و دواتر دێتە سەر چۆنیەتی نووسینی ئەو ڕوونکردنەوەیە دەفەرمێ: وەک ئەوەی هەموو کێشەی میللەتی کورد جیاوازیی لێکدانەوەی وشەیەکی سوێدی بێت. کە وەکو خوێنەرێک دەبێ بڵێم: وابزانم کێشەکە مانای وشەیەکی سوێدی بە کوردی نەبوو. بەڵکو نەگوتنی ڕاستی و چەواشەکاری لە مانای وشەیەکدا بوو کە کەسانێک خۆیان بەسەر ئەو میللەتەدا (کە فەهمی کاکەیی گووتەنی: کێشەکەیان تەنیا جیاوازی لێکدانەوەی وشەیەکی سوێدی نییە) گێف کردۆتەوە. بەستەزمان میللەتی کورد!
کاک فەهمی لە نووسراوەکەیدا بەرۆژ ئاکرەیی و خەبات عارف بە دەروێشی فەرهاد شاکەلی ناوزەد دەکا و دوای دوو ڕستە بیری دەچێتەوە کە خۆی و کۆمەڵەکەی دەروێشی فەرهاد شاکەلین، چونکە دەفەرمێت: ئێمە وەک کۆمەڵەی ئەلفوبێی کوردی کاک فەرهادمان بە زمانەوانی کۆمەڵەکە داناوە و لە هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بە زمانەوە هەبێت پرسی پێدەکەین.

ئەم هەویرە پێویست ناکا ئەو هەموو ئاوە بەرێت. نووسەری کورد دەبێ جورئەتی ئەوەی هەبێت کە پرسیارێکی لێ کرا، ڕێک وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە و ئەگەریش نەیتوانی، وەکو مرۆڤێکی ڕاستەقینە بێدەنگ بێت.

نوختە سەری دێڕ:
سوپاس